# G22

## راگەیاندنی گروپی 22ی

## هاوبەشی دامەزراوەكانی میدیای ئازادو كۆمەڵگای مەدەنی



بۆیادكردنەوەی 109 ساڵەی رۆژنامەوانی كوردی ، ژمارەیەك میدیای ئەهلی بە هاوبەشی لەگەڵ رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی گروپی"G22" یان راگەیاند .

بەمەبەستی دابینكردنی مافی بەشداری پێكردنی رۆژنامەوانانی گەنج و كارای نێو میدیاو رێكخراوەكان و فەرامۆش نەكردنیان لەو یادكردنەوەدا،بۆ ئەوەی لەو رۆژەدا, بتوانن راشكاوانە داكۆكی لەمافە پیشەیی‌و كۆمەلأیەتیەكانی خۆیان بكەن‌و ئەو یادكردنەوە یكەنە هاندەرێك لە پێناو رەخساندنی زەمینەیەكی گونجاو بۆ كاری رۆژنامەوانی‌و وەدەست هێنانی ئازاانەی زانیارییەكان، هەروا نەهێشتنی ئاستەنگەكانی بەردەم كارو چالأكی میدیاو رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە كوردستاندا، بۆیە لەرۆژانی 14و15 /4 ژماریەك لە نوێنەرانی دامەزراوەكانی میدیاو كۆمەڵگەی مەدەنی لە شاری هەولێر كۆبوونەوە وگروپی (G22) یان راگەیاند، بەو هیوایەی لە داهاتودا، گروپی G22 بە بەشداری دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی ومیدیای سەربەخۆ سەكۆكەی فراوانتر بێ, تا كاریگەری زیاتر بنوێنێ, لە دەستەبەركردنی ماف‌و ئازادییەكانی رۆژنامەوانان‌و داكۆكیكردن لە دیموكراسی .

بۆئەو مەبەستە بڕیاریاندا، كە لە رۆژانی 21و 22ی نیسان، لەژێر درووشمی" ئازادی گەیشتن بە زانیاریی‌و فرەوانكردنی بازنەی دیموكراسی" چەند چالاكیەك لە شاری هەولێر بەم شێوەیە رێكبخرێت :

* سەر لە ئێوارەی 4/21 ژمارەیەك سمینار لە هۆتیلی چوارچرا بەڕێوە دەچێت :

1- مافی وەدەستهێنانی زانیارییەكان لە لایەن سامان فەوزی

2- ئاستەنگەكانی بەردەم كاری میدیای ئازاد لە لایەن عەدنان عوسمان

3- خوێندنەوەیەك بۆ رەشنووسی یاسای رۆژنامەگەری لەكوردستان ........

* سەرلەبەیانی 4/22 کردنەوەی پێشەنگاو کتێبخانەی رۆژنامەی هاولاتی لە شاری هەولێر لەگەڵ داشکانی 30٪ لە نرخەکان .

* دەرچوونی پاشکۆیەکی تایبەت بەو یادە لەلایەن رۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ .

**ناوی بەشداربوانی گروپی G22**

1- ر رادیۆی نەوا
2- رێکخراوی NPA
3- رۆژنامەی ئاوێنە
4- رێکخراوی PAO
5- رێکخراوی ASK
6- رۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ
7- ناوەندی CHAK
8- سەنتەری داهێن
9- هۆتیلی چوار چرا
10- رێکخراوی ICSP
11- ۆژنامەی هاولاتی

2007/4/16

هەولێر